# جووتیار: شوناس و بەشداری لە ڕاپەڕینەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی دژ بە خیلافەتی عەبباسی (١٣٢-٢٢٤ک/٧٤٩-٨٥٦ز)

**سۆران بەها ئەحمەد[١]، سەلاح کانەبی ئیسماعیل[٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

لێکۆڵینەوە لە ژیان و شوباسی جووتیار لە نێو مێژوویی سەدەکانی ناوەڕاست بە گشتی و سەردەمی عەبباسی بە تایبەتی، یەکێکە لە بەستێنەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویورد،کە هێشتا لە سەرەتای خۆیدایە و پێویستی بە هەڵوەستەکردنی زۆر زیاتر لەمەیە. لەم ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە میتۆدی بەڵگە پەرتەکان و میتۆدی وەسفی-شیکاری (وصفي-تحليلي)، لە چەندین سەرچاوەی جۆربەجۆرەوە بنکولکاری بۆ چەمکی جووتیار و ژیانی سیاسی و ئابووری بکرێت، هەروەها بە میتۆدی شیکاری، خوێندنەوە بۆ هەریەک لە بەڵگە پەرتەکان بکرێت. جووتیار بە هۆی بونیادی کۆمەڵایەتی-ئابووریانەییەوە، هەم پیشەی زۆرترینی ئەندامانی کۆمەڵگە بووە و هەمیش وەک کەسایەتی دەکرێ سەیری بکرێت، واتە وەک سەرچاوەی ژیان و لە هەمان کاتدا وەک تاکگەلی بێو کۆمەڵگە شرۆڤەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی جووتیار دەکرێ. لەم توێژینەوەیەدا مەبەست زیاتر دیوی دووەمی جووتیارە، واتە لیکۆڵینەوە لە جووتیار وەک تاکی نێو کۆمەڵگە دەکرێ نەک پیشە و سەرچاوەی ژیان، هەر بۆیە باس لە شوناس و ڕەفتاری سیاسی کراوە و دیوی کشتوکاڵ و چاندنی جووتیار بۆ توێژینەوەی دیکە بەجێهێڵراوە. لە تەوەری یەکەمدا چەمکناسی جووتیار لە نێو سەرچاکانی مەعریدفەی مێژوویی خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا مەسەلەی شوناسی جووتیار لە سەدەکانی ناوەڕست و لە تەوەری سێیەمدا هەوڵدراوە بەشداری جوتیار لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا بە حەوت خاڵ بخرێتەڕوو، هەڵبەت لە خستنەڕووی شورش و ڕاپەڕینەکاندا بەشداری جووتیار بە پێوەر دانراوەو لە سەردی مێژووی هەریەک لەوانە خۆمان بوواردووە.

**وشە سەرەکییەکان:** جووتیار، شوناس، شۆڕش، ڕاپەڕین، خیلافەتی عەبباسی

## پێشەکی [1]

لەوانەیە بابەتی لێکۆڵینەوەی مێژووی جووتیار زۆر بە ڕوونی سەلمێنەری ئەوە بێت، کە تا چەند مێژوویورد بێناز و وەلاخراوە (گئورگ ایگرس،١٣٨٩ش: ١١٦-١٣٥) و لە ئەدەبیاتی مێژوویی سەدەکانی ناوەڕاستدا پشتگوێ خراوە، بەڵگەی ئەمەش نە تەنها پەراوێزبوونی باس‌وخواستی بابەتە ئۆبجێکتە بچووکەکانی وەک جووتیارە، بەڵکو لە پەرتووکە تایبەتەکانی بواری کشتوکاڵیش لە جۆری خاک، دانەوێڵەو چۆنیەتی موتوربەوە بگرە هەتاوەکو چارەسەری هەندێک ئافەتی کشتوکاڵی هەمووی باسکراوە (الشهابي،١٣٨٠: ٥٢٩-٥٤٠)، کەچی زۆر بە کەمی ئاوڕ لە جووتیار و ژین و مژارەکانی دراوەتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شێوازی تێڕوانینی باوی سەدەکانی ناوەڕاست پێشان دەدات، ئەو سەردەمانەی مێژووی سیاسی باڵی بە سەر ئەدەبیاتی مێژوونووسیدا گرتبوو.

بە باوەڕی ئەو کەسانەی سیاسەتی ناوەند و پەراوێز لەخۆدەگرن، بە ڕاڤەیەکی ماتریالیزمی مێژووییەوە، گرفتەکانی نەناسینەوەی شوناسی جووتیار لێکدەدەنەوە، بە جۆرێک پێیان وابووە کەسانی خاوەن زەوی و مولک، کە بە گوزارشتی ئەوان بە چینی ناوەند یان چینی بۆرژوا ناویان بردوون، بۆ ماف و ژیانی سەپان‌و جووتیاری کرێگرتە ڕۆڵیان نەگێڕاوە (السيدعلي،٢٠٠٦: ٣٣-٣٥)، لەوانەیە بەشداری جووتیارەکانیش لە زۆربەی بزووتنەوەکاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دژی خاوەن زەوییەکان بووبێت، نمونەی ئەمەش بەشداری خاوەن زەوییەکان لە شۆڕشەکەی بابەکدا هەیە، چونکە هۆشیاری چینایەتیش لە سەدەکانی ناوەڕستدا لەو ئاستەدا نەبووە، کە لە خەمی ژیانی جووتیارەکاندا بن، هەر بۆیە لە مەعریفە و زانیاری تۆمارکراویشدا، لە پەراوێزدا بوون و لە ڕێڕەوەی سیاسەتی دەوڵەتەکانیش جێی بایەخ نەبوون، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە، کە لە هەر ڕاپەڕینێکدا بە زوویی سەرکوتکراون و دەرفەتی شکڵگرتنی شوناسێکی فرەچەشن لە پزدانی ژیان و نائومێدی جووتیار نەبووە.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ ئاب ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٠ ئەیلوول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ کانونی دووەم ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: soranbaha@gmail.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ سۆران بەها ئەحمەد، سەلاح کانەبی ئیسماعیل، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp1-10

## یەکەم: چەمکی جووتیار

لە میانەی سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زۆر شێوە ناوی جووتیار هاتووە، هەندێک لەوانە زیاتر بوون و هەندێکیشیان کەمتر(عبدالباقی،١٩٩١: ٥). یەکێک لە ئاماژەکان بە جووتیار وشەی "علوج" بووە، کە یەکێک لە واتاکانی لە نێو فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا، ئازا و ئیشکەر و بە توانا بووە، هەڵبەت جگە لە ماناکانی دیکەی (الفراهيدي، 2007هـ: ج١/ ٢٢٨-٢٢٩ ؛ إبن منظور، ١٤١٤هـ : ج٢/٣٢٦-٣٢٨)، لە پەرتووکەکەی قاضي أبو يوسف (م١٨١ک/٧٩٧ز)یش، لە میانەی باسکردنی گرفتی بەکارهێنانی زەوییەکانی سەواد(السواد) لە سەردەمی خەلیفە عمر بن الخطاب(١٣-٢٣ک/٦٣٤-٦٤٣ز)، هەروەها گرفتی خاوەن زەوییەکان و ئەو کەسانەی کاریان تێدا کردوون، وشەی علوج بەکارهاتووە (أبويوسف،١٩٩٩: ٣٥)، پشتگیری ئەم ووتەیەش لە هەمان لاپەڕەدا بەرچاو دەرکەوێ، کە عمر بن الخطاب ئەو جووتیارانەی لە شوێنەکانیان هێشتووەتەوە، بۆ ئەوەی هەم سنوورەکان بپارێزرێن و هەمیش منداڵەکان بێ لانەو کار نەبن (أبويوسف، ١٩٩٩: ٣٥).

البلاذریش(م٢٧٩ک/٨٩٢ز) لە باسی حجاج بن يوسف الثقفي (٦٦-٩٥ک/٦٨٥-٧١٤ز) و گێڕانەوەی جووتیارەکان بۆ لادێکان، وشەی علوجی بەکارهێناوە (١٤١٧هـ : ج١٣/٤٢٦) ، کەواتە ئەم وشەیەش هەندێک جار و لەهەندێک سەرچاوەی مێژوویدا هەر بە مەبەستی جووتیار بووە. لە سەرچاوە فارسییەکانیشدا بە بەرزگەر(برزگر) ناویان براوە (قمي،١٣٨٥ش: ص١٥٠؛ مؤلف ناشناختە، ١٣٦٦ش: ص١٢٠؛ مرعشي، ١٣٦١ش: ص٢١٨)، تەنانەت لە هەندێک فەرهەنگی زمانەوانی لە بەرامبەر هەمووو وشەکانی وەک: (الفلاح)، (الزارع)، (الحارث) و (الأكرة)ش، هەمان بەرزگەر دانراوە(نیشابوری،١٩٧٢: ٩٦-٩٩،٩٧)، لە هەندێک پەرتووکی حیکایەت و سرگوزشتەی فارسیش، هەر سێ وشەی (حراث) و (دهقان) و (برزگر) بە یەک واتا و لەیەک جێگەدا بەکار هاتوون(سمرقندی، ١٣٨١ش: ١١٣، ١٥٣) و بە زۆر بە کەمیش وشەی کەدیوەر(کديور) بۆ سەپان و جووتیار لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژەی پێدراوە (النرشخي، ١٣٦٣ش: ١٠؛ منشي، ١٣٥٥ش: ١١٢).

وشەی الاكار (کۆی وشەی أكرة)یش، بۆ ئاماژەدان بە جووتیار بەکارهاتووە ولەوانەیە زیاتر لەوانی دیکە بەکار هاتبێت، مەبەست لەم وشەیە تا ڕاددەیەکی زۆر جووتیار بووە نەک خاوەن زەوی (إبن‌حوقل، ١٩٩٢: ٢٦٥؛ البيروني، ١٣٧٤ش: ٢١٧) و ئێمە لە توێژینەوەکەدا بە مانای سەپان و کرێگرتە بەکارمان هێناوە. ئەم وشەیە لە بنچینەدا هەڵگری مانای بە زۆر کارپێکردنیشە. هەروەها لە ڕووی واتاییەوە، وشەیەکی نزیک لە (أكرة)ش بە کار هاتووە، کە نظام‌الملک بە "حشر" گوزارشتی لێوە کردووە، بە تایبەت لەوەدا کە باس لە بە زۆر ڕاپێچکردنی جووتیاران بۆ بەرەکانی جەنگی کردووە (١٣٦٤ش: ٢٧٦).

لە پەرتووکە فیقهیەکانیشدا وشەی (مؤاكر) و (خبير) (أبويعقوب المروزي،١٤٢٥هـ: ج٦/٢٦٦٦) بۆ جووتیار بە کارهاتووە، (مؤاكرة) و (مخابرة) بۆ بەکرێگرتنی زەوی کشتوکاڵی بووە (الإسفراييني،١٤٣٥هـ: ج١٢/٢٣٨) ، وشەی (المزارعين/المزارعون) کەمتر لە (الأكرة) بەرکار هاتووە (البلاذري، ١٩٨٨: ٢٨٨) هەرچی وشەی (الفلاح)یشە زۆر بە کەمی لە سەرچاوەکاندا هاتووە. لەوانەیە بۆ یەکەمجار (إبن وحشية،١٩٩٣م: ج١/٢٥٢-٢٥٣) ئاماژەی پێکردبێت. پێدەچێ بەکارهێنانی وشەی (الفلاح) زیاتر بۆ ئەو کەسانە بوبێت، کە خۆیان خاوەن زەوی بوون، بەڵگەی ئەمەش جووتیارانی ناوچەی زەنجانە، کە زەوییەکانی خۆیان داوەتەپاڵ ـ إلجاء ـ قاسم بن الرشيد (م٢٠٨ک/٨٢٣ز) (إبن الفقيه، ١٤١٦هـ: ٥٦٠؛ البلاذري، ١٩٨٨م:٣١٥-٣١٦). لە پەرتووکی *الإمتاع و المؤانسة*ش لە باسی سیفاتی ئاژەڵ و باڵندەکاندا ئاماژەیەکی خێرا بە جووتیار کراوە، کە بەیانیان زوو لەگەڵ دەنگی کەڵەشێر، جووتیارەکانیش (الفلاحين) بە خەبەر دێن بۆ ئەوەی بچنە سەر کارەکەیان (التوحيدي، ١٤٢٤هـ: ١٣٣). وشەی (الفلاح) زیاتر لە ناونیشانی پەرتووکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، واتە زۆر بە کەمی بۆ پیشە بە کار هاتووە، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، لە نێو زمانی عەرەبی و هەر لە پێش ئیسلامیشەوە، ئەم وشەیە مانایەکی گشتگیرتری هەبووە؛ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، تەنانەت بە پێی لێکۆڵینەوەکانی کۆلین (G. S. Colin) بۆ بەخێوکردن و کەرتی ئاژەڵداریش هەندێک جار (فلاحة الحيوانات) بەکارهاتووە (Lambton، 1991: 902).

پەرتووکە کشتوکاڵییەکان گرنگییان بە ئەزموونەکانی بواری کشتوکاڵکردن داوە، بەڵام بە هیچ کلۆجێک لایان لە ژیان و شوناسی جووتیار نەکردووەتەوە (العبيدي، ١٩٧٩: ٣٧٠)، هەر بۆیە لە یەکەم پەرتووکی ئەم بوارە کە بە دەستی ئێمە گەشتووە (الشهابي،١٣٨٠هـ: جزء٤/ص٥٢٩)، واتە *الفلاحة النبطية*ی ابن وحشية هەتاوەکو پەرتووکی *بغية الفلاحين في الأشجار المثمرة و الرياحين* (الرسولي، ٢٠١٦)، کە لە کۆتایی سەردەمی عەبباسییەکان نووسراوە، زۆر بە سەرپێیی باسی خودی جووتیار کراوە و پشتگوێخستنەکان جێگەی تێڕامانن، کەچی بە تێر و تەسەلی لە چۆنیەتی دەست نیشانکردنی زەوی چاک، کاتی جووتکردن، چاندن و شێوەکانی بە پیت کردن، پەین و دەرمانی قڕکەری پەتای کشتوکاڵی، دروێنە و چۆنیەتی هەڵگرتنی بەرهەمەکان کراوە.

لەوانەیە یەکێک لە هۆیەکانی پشتگوێخستنی ژیان و گوزەرانی جووتیار لە نێو پەرتووکە کشتوکاڵییەکان ئەوە بوبێت، نووسەرانی پەرتووکەکانی بواری (الفلاحة) لە خۆرهەڵات، خۆیان بەشداری پرۆسەی چاندن و وەرزێرییان نەکردووە، ئەمەش پێچەوانەی نووسەرانی ئەندەلوسییە، کە خۆیان هەم نووسەر بوون هەمیش سەرقاڵی کشتوکاڵکردن بوون (الشهابي،١٣٨٠هـ: ٥٣٥) ، لەوانەیە ئەمەش ببێتە پاساودانێک بۆ ئەوەی لە پەرتووکەکانی ئەم بووارەدا، بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی، ئەزموونی جووتیاریی بەبێ باسکردنی ژیان و کەسێتی جووتیار خراوەتەڕوو. گرنگیدانی نووسەرانی پەرتووکە کشتوکاڵییەکان بە لایەنی وشەسازی، وشەناسی و واتای وشەکان لە زمانی عەرەبی و فراوانبوونی ڕۆشنبیری سەدەکانی ناوەڕاست، کە هاوشانی پەرتووکە وەرگێڕدراوەکان، پێویستی بە پۆلێنبەندی و نووسینی تایبەت بە بواری کشتوکاڵی بووە، کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆکی پەرتووکە کشتوکاڵییەکان هەبووە، ڕاستی ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە نووسەرە لە پێشینەکانی پەرتووکە کشتوکاڵییەکان، زمانزان و نەحوییەکان بوون، لە نمونەی ئەوانەش ئەتوانین ئاماژە بە کتاب *العين*ی خليل بن احمد الفراهيدي(م١٧٠ک/٧٨٦ز) ، کتاب *النبات*ی جابر بن حيان الكوفي (م٢٠٠ک/٨١٥ز)، کتاب *الصفات*ی النضر بن شميل المازني البصري(م٢٠٣ک/٨١٩ز)، کتاب *النخلة*ی أبو عمرو الشيباني(م٢٠٦ک/٨٢١ز)، کتاب *النخلة*ی أبوعبيدة التيمي (م٢٠٦ک/٨٢١ز)، کتاب *المياه العربى* الأصمعي(م٢١٦ک/٨٣١ز)، کتاب *صفة النخل*ی ابن الأعرابي (م٢٣١ک/٨٤٥ز)، کتاب *الزرع والنخل*ی الجاحظ (م٢٥٥ک/٨٩٦ز)، کتاب *الفلاحة*ی حنين بن إسحاق العبادي (م٢٦٠ک/٨٧٣ز)، هەروەها *أدب الكاتب*ی إبن قتيبة الدينوري(م٢٧٦ک/٨٨٩ز) کە چەند بەشێکی بۆ النبات دیاری کردووە، کتاب

*النبات*ی أبوحنيفة الدينوري(م ٢٨٢ک/٨٩٥ز)، *الفلاحة النبطية*ی ابن وحشية النبطية (م.دوای ٣١٨ک/٩٣٠ز)، کتاب *النبات*ی علي بن حمزة البصري (م٣٧٥ک/٩٨٥ز) (ابولحاج، ١٩٨٨م: ٢١-٣٣)، زۆر زیاتر لەمانەش نووسراون. بێگومان خوێندنەوەی دەقە ئەدەبی و مێژووییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی جووتیار بە هەموو جۆر و تایپەکانیەوە، هاوکارمان دەبێت بۆ ئەوەی تێکەیشتن و دیدێکی ڕوونترمان لە بارەی وشە و ماناکانی جووتیار هەبێت، بەڵام دەبێ لەم گەڕان و پشکنینەدا ئاگاداری ئەوەبین، کە کۆی ئەدەبیاتی نووسراویش، چ سیاسی، فیقهی، کارگێڕی، ئابووری، ئەدەبی و هاوشێوەکانی، تا ڕاددەیەک لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی دەسەڵاتداریی و سیاسیی سەردەم بووە، بە جۆرێک باس‌و خواسی جووتیار و چین و توێژەکانی دیکەش، بە میزاجی ناوەند ـالمرکزـ بووە. ناوەند ئەو جوگرافیە سیاسی، هزریی و کولتوورییە بووە، کە چوارچێوەیەکی مەعریفی نووسراوی هەبووە، هەروەها داڕێژەری سیاسەتی کارگێڕی، ئاینی، ئابووری و تا ڕاددەیەکیش کۆمەڵایەتی بووە، هەر بۆیە لە کلاوڕۆژنەی ناوەندەوە، هەندێکجار ئەوەی سەر بەم چوارچێوەیە نەبووبێت، ئەوا بە پەراوێز سەیر کراوە، جا دەکرێ ئەم پەراوێزە لە هەموو کایە جیاوازەکاندا بووبێت. جووتیاریش وەک یەکێک لەو پەراوێزخراوانە باس لە ژیان و گوزەرانیان نەکراوە و سەرچاوەکان بە ئاماژەی پەرش‌و بڵاو ئاماژەیان پێداون، جا ئەگەر جووتیارەکان چووبنە ڕیزی بزووتنەوە هەڵگەڕاوەکانیشەوە، زۆرجار مۆرکی (الخوارج)، (الغلاة)، (الزندقة)، (القرمطي)، (الباطني)، (الحشاشي)، (الأباضي) و چەندان ناوی دیکەیان لێناون، لەمەشدا جارێکی دیکە ناو و ژیانی جووتیار لە ژێر پەردەی چەندین بابەتی دیکەدا شاردراونەتەوە.

## دووەم: بابەتی شوناسی جووتیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

بابەتی شوناس لە ڕاستیدا، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی نێو زانستە مرۆییەکان و زیاتر لە نێو کایە مەعریفییەکانی وەک فەلسەفە، زانستە مرۆییەکان، بوارە مێژووییەکان و تەنانەت لە بواری عیرفان و تەسەوف دەخرێتە بەرباس. لە بوارە مێژوویەکاندا، سەروکاری مێژوونووس لەگەڵ شوناسی نەتەوەییدایە و لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیشدا، لێکۆڵینەوەی ئەوە دەکات کە ئایا شوناس "وەستاوە" یان "بزۆکە"؟ خۆڕسک و سروشتییە یان مرۆیی و بەدەستهاتووە؟ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چین و چۆن دروست دەبێ؟

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پەیجووری بە دوای شوناسی جووتیاردا، کەمی ئاماژەکانی سەرچاوە مێژووییەکانە بە ژیانی جووتیار، چونکە بەشی هەرە زۆری پەرتووکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، سیاسی–بنەماڵەیی بوون، هەرچەندە هەندێک ئاماژەیان لە بارەی مێژووی کۆمەڵایەتی و ژیانی جووتیار تێدایە، وەک: تاریخ الرسل و الملوک، الطبری (٣١٠ک/٩٢٣ز)، المنتظم في تاریخ الملوک و الأمم، إبن الجوزي (٥٩٧ک/١٢٠١ز)، البدایة و النهایة، إبن کثیر (٧٧٤ک/١٣٧٣ز)، یانیش مێژووی لۆکاڵی و تایبەت بە شارێک بوون، وەک: تاریخ سێستانی نووسەری نەناسراو، سەرەڕای ئەوەی چەند نمونەیەکی زێڕینی مێژووی‌ورد (Micro-History) لە نێو ئەدەبیاتی مێژوونووسیی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەن، وەک؛ البخلاء هەروەها پەرتووکی البرصان و العرجان العمیان و الحولاني جاحظ، عقلاء المجانین إبن حبیب النیسابوري (٤٠٦ک/١٠١٦ز)، بەڵام ئەم نمونانە زۆر کەمترن لەوەی، کە بتوانین بونیادی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی مێژووی وردیان لەسەر بنیات بنێین.

لە ڕاستیدا، مەسەلەی شوناس هێندەی لە سەردەمی نوێدا گرنگی پێدەدرێت، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە نەبووە. چەمکی شوناس(Identify) زیاتر بە واتای چییەتی دێت. بە شیوەیەکی گشتی بریتییە لە: "کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی ڕەفتاری، کە بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە تاک وەک قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت و لەوانی دیکە جیا دەکرێتەوە" (تاجیک، ١٣٨٣ش : ٢٩). شوناس بە شێوەیەکی بەردەوام هەستی تایبەتمەندی لە لای خاوەن شوناس دروست دەکات، بەڵام خودی هەستکردن بە شوناس لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە جیاوازە، لێرەدایە کە هەندێک لە توێژەران پێیان وایە، تەنانەت ئاو و هەوا و لایەنی ئابووریش، ڕۆڵیان لە بابەتی شوناسدا هەیە، بە جۆرێک شوناسی کەسێک لە ناوچەیەکی گەرم جودایە لە شوناسی کەسێکی دیکە لە ناوچەیەکی سارد، هەروەها لە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی و دەوڵەمەند جودایە لە ناوچەیەکی بیابانیی و هەژار (لطف‌آبادی، ١٣٨٦ش: ٦٨)، مادام ئاستی موڵکایەتیش کاریگەریی لەسەر شوناس بە هەموو تایپەکانیەوە بووبێت، کەوایە جووتیار و سەپان وەک ژێرەوەچینی توێژی کۆمەڵگە و لە هەمان کاتیشدا دیهقانی خاوەن زەوی فراوان، لە نێو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی دژ بە خیلافەتی عەبباسی لە ناوچەکانی تەبەرستان(طبرستان)، خوراسان و ئەودیوڕووبار (ماوراءالنهر)، لەگەڵ جووتیاران بەشدارییان کردووە، کە بەشێک لەوانە خودان موڵک و ماڵی زۆر و فراوان بوون، ئەمەش کاریگەریی لە سەر شوناسی جووتیاران هەبووە، هەرچەندە هێشتا شوناسی "خود" لە نێو شوناسی "کۆمەڵ"دا وون بووە، ئیدی ئادەمی نەیتوانیوە شوناسی خۆی پێناسە بکات و وەرییبگێڕێتە سەر واقیعەوە. ئەم ڕەوشە لە ناوچە پڕ کشتوکاڵییەکان هێشتا باشتر بووە، بۆ نمونە لە خوراسان و نەیشابور، جووتیار تەنانەت لە ئاستی خودیشدا ناڕەزایەتی لە دەست داگیرکردنی زەویەکەی دەربڕیوە (بیهقي، د.س: ص٥٨٢- ٥٨٣). ئەم حاڵەتانەش، تایبەت نیە بە جووتیارەکانەوە، چونکە جووتیار، وەک یەکێک لە پێکهێنەرانی کۆمەڵگە، بە چەندین ڕایەڵەی ئاسۆیی و ستوونی بە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەوە گرێدراوەو ناتوانین لە کارکردی کۆمەڵایەتی، وەبەرهێنان، هێز و شوێنکەوتەیی ـتبعیت ـ بۆ کۆمەڵگەکەی دابیبڕین و بە گوزارشتی هۆبسبام(Eric Hobsbawm)، پێویستە لەگەڵ پێکهێنەرەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین (١٣٩٨ش: ١٤١).

ئەو شوناسەی پێش سەردەمی مۆدێرنە هەبووە، زیاتر شوناسێکی هەرەوەزی بووە نەک شوناسی تاکەکەسی. لەم سۆنگەیەوە شوناس، بە هەموو جۆر و تایپەکانیەوە، تاڕاددەیەکی زۆر سەپێنراو و زۆرەکی ـجەبری ـ بووە (لطف‌آبادی، ١٣٨٦ش: ٦٢). هەر بۆیە شوناسی تاکەکەسیی و شوناسی هەرەوەزی جووتیار، تا ڕاددەیەکی ئێجگار زۆر چوون یەک بوون، هێندە هەیە، کە دیدگا ئایینییەکەی جووتیارەکانیش، فاکتەرێکی گرنگی داڕشتنی پەیکەری شوناس و بزاووتەکانی جووتیارەکان بووە، بە جۆرێک شوناسی ئایینی کاریگەری لە سەر بەشداری سیاسی و هزریی جووتیارەکان هەبووە. کاتێک شوناس لە دیوە هەرەوەزیەکەیدا بێت، ئیتر تاک لە نێو شوناسێکی "وەستاو" و بە پێی فۆرمی کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی، مێژوویی، کولتووریی و هزری بووە چونکە "خۆکرد" نەبووە، بەڵکو "ئەوکرد" بووە، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی شوناسی "وەستاو"، لەبەرامبەر ئەمەدا، شوناسی "بزۆک" هەیە، لەم شوناسەدا ئادەمیزاد بە تەقالا و کۆششی خۆی، تان و پۆی شوناسی خۆی دەچنێ (ملکیان، ١٣٨٦ش : ٤٩٧)، بەڵام لە دیوە فراوانەکەیدا و لە میانەی ژین و ژیاری سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم جۆرە شوناسە زۆر کاڵ و کەمڕەنگە. دابونەریت و تێڕوانینی کۆمەڵگەش دەستنیشانی ڕەفتاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp1-10

کردووە، هەربۆیە جووتیار وەک تاکێک لە نێو کۆمەڵگەکەی، جێبەجێکاری ئەو شووناسە بووە، کە کۆمەڵگەکەی پێبەخشیوە، واتە شوناسەکەی بەپێوەری تێڕوانینەکانی "ئەوانی دیکە" داڕێژراوە (George، 1967: 179-178). لێرەدایە کە شوناسی جووتیار لە تایپی "زۆرەملێ" بووە نەک "خۆویستی".

باس‌وخواستی جووتیاریش وەک شوناس جیایە لەوەی لە پێشەدا هەبووە، چونکە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگەی سەردەمی عەبباسی، وەک سەردەمانی پێش و پاشی خۆی، بە زۆری پشتی بە کشتوکاڵ و پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان بەستبوو، هەر لەم سۆنگەیەوەیە، کە بە بڕوای هەندێک لە توێژەران نزیکەی (٢٤٪)ی بژێوی ژیانی زانایان ـــ علماء ـــ ، فقیه ـــ ، محدث، پیاوچاکان‌و هاوشێوەکانیان، لە سەر پیشەسازییەکانی پارچە بووە، هەم لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە هەمیش لە ڕێگەی بازرگانی و کڕین‌و فرۆشتنەوە (Bulliet,2009:3 ).

بەو پێیەی شوناس وەک "گشتێک" وایە و چەندین پێکهێنەریی وەک: ئایین و ئایینزا (Hanaoka، ٢٠١٦ : ١٨)، ئەفسانە و ئوستوورە، فۆلکلۆر و ئەدەبیات، زمان لە خۆ دەگرێت، دەبێ لە دەستنیشانکردنی شوناسی هەر دەستە و تاقمێک، لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەم لایەنانەش بکرێت، کە باوەڕی ئایینی هەم لەشوناسی جووتیار و هەمیش لە کێشەو ململانێکانی موڵکایەتی زەوی و زارەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.

شوناسی جووتیار تەنانەت لە نێو پەرتووکەکانی بواری کشتوکاڵیش ئاماژەی پێنەکراوە. ئەمە ویڕای ئەوەی کار و شوناسی جوتیار لە نێو خاوەنداریەتی زەوییەکانیشدا ونبووە، چونکە بە زۆریی لە نیو زەوی کەسانی دیکەدا کاریان کردووە و خۆیان خاوەنی زەوی و زار خۆیان نەبوون.

لە بابەتی شوناسدا، لایەنی سیاسیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. بە پێی تێڕوانینی ئێریک هۆبسبام و تیۆری سۆسیۆلۆجیای شوناس(Sociological Identify)، هەتاوەکو گوڕانکاری هێزی سیاسی زیاتر بێت، دروستبوونی شوناس کاڵ دەبێتەوە(١٣٩٨ش: ١٧-٢٠) ، هەربۆیە جگە لە کۆتایی هاتنی ئومەوییەکان، تەنها سەدەی (دووەمی کۆچی/هەشتەمی زایینی) تارادەدەیەک لە ڕووی سیاسییەوە باڵادەستی عەبباسییەکان بووە، ئیتر لە سەدەی (سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی) وردەوردە لە خۆرهەڵاتی خیلافەتی عەبباسیش، چەندین بنەماڵەی جیاواز دەسەڵاتی لۆکاڵییان وەرگرت، وەک: تاهیرییەکان (٢٠٥-٢٥٩ک/٨٢١-٨٧٣ز) و چەندانی دیکە، سیمای مێژوویەکی سیاسیی گۆڕاو پیشان دەدەن، کە کاریگەرییان لەسەر دروست بوونی شوناسی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و جوتیاران بە تایبەتی هەبووە، چونکە جووتیار و خاوەن زەویش لەم ململانێیانەدا زیانی ماددی و مینۆکییان بە خۆیانەوە بینیوە.

پانتایی کاری کشتوکاڵیش کاریگەری لەسەر شوناسی جووتیار هەبووە؛ سیستمی ئابووری کۆمەڵگە بە جۆرێک بووە، لەو سەردەمەدا زیاتر لە $\frac{2}{3}$ دوو لە سەر سێی ئابووریەکەی پشتی بە جووتیار و بەرهەمی کشتوکاڵی بەستووە و لە سەدەی (سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی) بە دواوە لە پاڵ ئاژەڵداری، وردەوردە بازرگانیش بووە بە یەکێک لە کۆڵەکانی بژێوی ژیان (احسن، ١٣٨٣ش: ٢٢) و سیمای شارستانییەت و بەرەوپێشچوونی دەوڵەتی عەبباسی، هەربۆیە بەرفرەیی کاری جووتیاریش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی نەتوانین بە ڕوونی شوناسی جووتیار لەوانی دیکە جودا بکەینەوە.

لە ڕاستیدا شوناسی جووتیار گرێدراوی ژینگەو شوێنی ژیانیشی بووە، واتە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوەی پێبەخشەری شوناس‌و ڕەنگی کاڵی باڵاکەی بووە، گوند بووە؛ بچووکترین یەکەی ژیان و شوناس لە سەدەکانی ناوەڕستدا. گرنگی گوند لە چەند لایەنێکەوە خۆی بینیوەتەوە؛ سەرەڕای کارەساتە سروشتییەکان و کاولبوونی خانەو لانەیان، کەچی جووتیارەکان سەرلەنوێ گوندەکەیان بنیات ناوەتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ناوی چەندەها گوند لەپاش کاول بوونیان، کەچی لە سەردەمانی دوواتر لە لای وولاتناس و گەڕیدەکانی دیکەوە تۆمار کراون، ئەمەش بەڵگەی ئاوەدانکردنەوەی دووبارەیان بووە، هەروەها زۆربەی پاشگرەکانی ناوی ئەدیب‌و زاناکان بۆ گوندەکانیان گەڕاوەتەوە (Bethany، 2022 : 9) ، کە بە پەرتووکەکەی السمعاني (٥٦٢ک/١١٦٦ز) بە ناوی الأنساب و نووسینەکەی إبن الأثیر (٦٣٠ک/١٢٣٢ز) بە ناوی اللباب في تهذیب الأنساب، کە هەندێک زیادەی بۆ بابەتەکانی السمعانیش تێدایە، باشترین نمونەی ئەم بابەتەن.

لە کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، جووتیارەکان وەک ئەندامانی دیکەی چینی گشتی، شوێنکەوتەبوونێکی ـتبعیتـ خۆویستانەیان هەڵبژاردبوو، لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش دابونەریتی کۆمەڵگە بووبێت، پاشان سیستمی بەرهەمهێنان و باج‌و خەراج گەڕاوەتەوە، کە وەک نیرێک لە گەردنی جووتیاراندا بووەو باری سەرشانی قورس کردوون (برتلس، ١٣٤٠ش: ص٤٢؛ إتیان دولابیسی، ٢٠١٦: ٥٤).

جگە لەمانەش، تێڕوانینی جووتیارەکان بەرامبەر سروشت و پرۆسەی چاندن و وەرزێری، کاریگەریی لە سەر دیدگای ئەوان لە هەمبەر سروشت و ژینگەی دەوروبەریان هەبووە، بە جۆرێک جووتیار سروشتی لە خۆی بە بێگانە زانیوە و بە پێی پەرتووکە کشتوکاڵییەکانیش، جوتیار لە پێگەیاندنی بەرهەم و چارەسەرکردنی ئافاتی کشتوکاڵی، جگە لە کارامەیی و لێزانی، هەندێکجار هەوڵیداوە لە ڕێگەی تەلیسم و ئەفسانەوە چارەسەری پەتا و مەترسییەکانی سەر کشتوکاڵەکەی بکات (اسکوراسیکە، ١٣٨٨ش: ٣٣ ؛ بیرجندی، ١٣٨٧ش: ٢٦-٢٨ ؛ هروی، ١٣٥٦ش: ١١٨).

لەلایەکی دیکەوە، فاکتەری نەبوونی چەک و هێز، کاریگەریی لە سەر دنیابینی و تێفکرینی جووتیار هەبووە و هەستی متمانە بە خۆبوونی لە لا دروست نەبووە و ژێر دەستەو بەسوخرەگیراو بووە، ئەوەی جووتیارانی جووڵاندووە هێزە سیاسی و سەربازییەکان بوون، تەنانەت بە پێی تیوریایەکی تێدا ئەسکاچپۆل( Theda Skocpol) تەنانەت جووتیار نەیتوانیوە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیش دروست بکات (١٣٨٩ش:١٣٧)، تەنها لە سنووری بەشداری سیاسییدا ماوەتەوەو لەوە زیاتر نەبووە. ئەگەر گرانی و بەرزبوونەوەی نرخەکانیش چینی هەژاری کۆمەڵگەی ناچار بە ڕاپەڕین کردبێت، هێندەی نەخایاندووە، کە دامرکێندراوەتەوە و کورتبوونی ماوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دژ بە دەسەلاتی عەبباسی بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.

## سێیەم: بەشداریی جووتیار لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دژ بە خیلافەتی عەبباسی

بەشداری جووتیار بە هۆی چەندین فاکتەر و پاڵنەری جیاواز بووە، ئەگەر لە دەلاقەی ئابووریی و جیاوازی چینایەتییەوە سەیری ژیانی جووتیارەکان بکەین، ئەوا زۆر جار بەشداری جووتیارەکان بە هۆی زوڵمی خاوەن زەوی و دەسەڵاتە کارگێڕی و سیاسییەکان بووە، هەروەها سیستمی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیستمی اقطاعی بوونەتە هۆکاری ئەوەی جووتیار و سەپان، ژێر دەستە و بێ‌پەنا بن و خاوەن زەوی و دەست‌ڕۆشتووان، لە پای بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بهێنن، کە لە پەرچەکرداری

ئەمەشدا، هەندێک جار حاڵەتی کۆمەڵایەتی ـــــسیاسی، فاکتەرێک بووە بۆ ئەوەی جووتیارەکان ڕوویان لە ئایین و ئایینزا جۆربەجۆرەکان کردووە و تەنانەت برەوپێدەریشیان بوون، هەندێک جاریش کەواسووری بەر لەشکری بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی دژ بە دەسەڵاتە سیاسییەکان بوون (نعمانی، ١٣٥٨ش: ج١/٣٨٣).

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکان چۆنیەتی مامەڵەکردنی دیهقانەکان بەرمابەر جووتیارەکان بووە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی خوراسان و ئەودیوڕووبار، کە بەر لە هاتنە سەرکاری عەبباسیەکان، خودان دەسەڵات و زەوی و زاری فراوان بوون، کاریگەری لە سەر بەشداری جووتیار لە بەدەمەچوونی بانگەوازی عەبباسییەکان هەبووە و بە بڕوای هەندێک لە توێژەران ئەو زوڵمەی ئەوان لە جووتیارەکانی ژێر دەستی خۆیانیان کردووە، بەس بووە بۆ ئەوەی هەڵویستی سیاسی جووتیار بە جۆرێک بێت، هیچ گرنگی بەوە نەدابێ لە بونیاد و چییەتی ئەو لایەنە بکۆڵێتەوە کە ویستوویەتی دەسەڵاتی ئومەوییەکان بگۆڕێت، بەلای جووتیارەوە ئەوەی گرنگ بووە ڕزگاربوونی بووە لە زوڵم و زۆری ئومەوییەکان و دیهقانە خاوەن زەوییەکان، کە باری سەرشانی ئەمانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورستر کردووە، چونکە بوونی ڕەگەزی عەرەب لە ناوچەکانی بانگەشەی عەبباسی، لەوانەیە (٢٠٪) زیاتر نەبووبێت، هەربۆیە بە تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتیی ـــئابوورییانە( socio-economic) ، ئەوە ڕەگەزی عەرەب نەبوو کە بەرپرسی یەکەمی نادادگەرییەکانی ناوچەکە بوون، بەڵکو خەڵکانی ڕەسەنی هەمان ئەو شوێنانە بوون، کە جووتیارەکانیشی تێدا نیشتەجێ بوون (*Mustafi، 2022: 112,124*)، ئەم حاڵەتە بۆ سەردەمی عەبباسیش درێژ بوووەتەوە، بە جۆرێک جووتیارەکان لە زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا لە ناواخنی بانگەشەکان نەگەیشتوون، بەڵکو پەستانی کۆمەڵایەتی و بارگرانییەکانی باج و خەراج بەدوای بزوتنەوەکانی خستوون. بەشێکی زۆری بزووتنەوە سیاسی و ئایینییەکان لە سەرەتادا جووتیارەکانیان وەک ڕگەزی سەرەکی بەکارهێناوە و ئەگەر جووتیار، کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراندنی دەستە و بزاوتەکان نەبووبن، لانی کەم کۆڵەکەی سەرەکی هێز و توانایان بوون.

جووتیار لە بزووتنەوەکانی دژ بە عەبباسی و لە نێو مەیدانی کەڕ و فەڕی سەربازی و سیاسیشدا هەبوون. ئەوە خەڵکانی لادێ، جووتیار و چینی چەوساوەی کۆمەڵگە بوون (یولیوس فلهوزن: ١٩٦٨، ٥٠٢، حسین عطوان، د.س: ٢٧٦)، کە بەشدارییان لە زۆربەی بزووتنەوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی دژ بە دەسەڵاتی خیلافەت و دەسەڵاتە ناوچەییەکان کردووە (چگنی، ١٤٠١ش: ١٩٢) ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەشداری جووتیار، جگە لە لایەنی سیاسی و ئایینی، پەستانی سیستمی ئابووری و کارگێڕی بووە، بە جۆرێک جگە لەوەی سات لە دوای سات باجیان لەسەر زیاد کراوە، خەرجکردنی باجەکانیش زیاتر لە نێو شارە گەورەکان بەکار هاتووە (Batou ، 2022: 16) و لەوەشدا کەرتی کشتوکاڵی و ژیانی جووتیار لێی بێبەش بوون. سیاسەتی عەبباسییەکانیش، وەک ئومەوییەکان، تەنیا لە خزمەت خاوەن زەوی و نەجیبزادەکاندا بووە، هەربۆیە جووتیاریش، وەک هەر تاک و توێژێکی کۆمەڵگە، بە دوای هەر جووڵانەوە و بزوتنەوەیەکدا کەوتوون (الداغر، ٢٠١٥م : ٦٥) ، کە بە باوەڕی خۆیان هەم دژی سیاسەتی عەبباسەییەکان بووبێت و هەمیش ئامانجەکانی ئەوانی بهێنایەتی.

جگەلەمانە لەوانەیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناوچەیەک، یەکێک بووبێت لە هۆکارەکانی بەشداری جووتیاران لە ڕاپەڕینەکاندا، کە نمونەی ئەمەش لە گێڕانەوەیەکی ابن الفقيه الهمداني لە بارەی خەڵکی خوراسان، لە سەر زاری دامەزرێنەری بانگەوازی عەبباسی، محمد بن عبدالله (م١٢٥ک/٧٤٢ز) بێت، کە بە بانگەشەکارانی گوتووە: ئاگاتان لە خەڵکی خوراسان بێت، چونکە هەم ژمارەیان زۆرە و هەم دڵەکانیان پێکەوە گرێدراون و خاوەن جەستەی شەڕکەر و سوپای ئامادەو تێر و تۆخن (كتاب البلدان، ص٦٠٤-٦٠٥).

خاوەن زەوییەکانی ئەو ناوچانەش بەشدارییان لە بزووتنەوەکاندا کردووە، لەم سۆنگەیەوە ئەو جووتیارانەی لەلای خاوەن زەوییەکان کاریان کردووە، وابەستەی فەرمانی خاوەن زەوییەکان بوون و تاڕاددەیەکی زۆر ناچار بوون بەشداری لە بزووتنەوەکاندا بکەن، لێرەدایە کە کولتووری پاشگری لە لای جووتیار، شوناسێکی شوێنکەوتەیی(Ascribed Identify) پێبەخشیوە و پێگەی کۆمەڵایەتی ـــئابووریی دیهقانەکان، کە لە پاش هاتنە سەرکاری عەبباسییەکانیش، هەتاوەکو سەدەی (پێنجەمی کۆچی /یانزەیەمی زایینی)یش، تاڕاددەیەکی زۆر پاراستبوویان، ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی جووتیارەکان و بەکارهێنانیان بۆ مەرامی سیاسیی هەبووە، تەنانەت خیلافەت بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکان ناچار بووە لەگەڵ خاوەن زەوییەکاندا ڕێک بکەوێت (الداغر، ٢٠٠٩م : ص١١١).

وەنەبێ جووتیار تەنیا شوێنکەوتەی ڕاپەڕینە سیاسیی و ئایینییەکان یا خود گوێڕایەڵی خاوەن زەوییەکانیان بووبن، بەڵکو لەو بزووتنەوانەشدا بەشدار بوون، کە بە ناوی العیاریون[2] لە ناوچە کانی خوراسان، بلاد ماوراءالنهر و ...هتد، بەرپا دەبوون و چینی هەژار و زوڵملێکراوی کۆمەڵگە بەشێک بوون لێیان و ناوچەکانی نەیشابور ~~تەژی~~ تژی بوون لەمانە (صدیق، ٢٠٠٦م: ٩٠) و زۆر جار دەبوونە سیمبولی داکۆکیکاری چینی هەژارو بێدەرەتان بەرامبەر چینی دەوڵەمەند و کاربەدەستی ناوچەکان (النجار، سبتمبر١٩٨١، ع٤٥: ص٦٤). تەنانەت هەندێک لە سەرکردە دیار و نەیارەکانی خیلافەتیش، وەک عمرو بن لیث الصفاری، لە ڕێگەی هاوەڵێتی دەستە و تاقمە عەییارییەکانەوە نێو بانگیان پەیدا کردبوو (فرای،١٣٩٠ش: ج٤/٩٦)، هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی چەک بەدەست و سەرباز بوون، پاڵە و جووتیاریش بوون (الأصطخري، ٢٠٠٤م : ١٦٣). ژینگەی کشتوکاڵی ناوچەکانیش لەم بابەتەدا کاریگەری خۆی هەبووە، بۆ نمونە ناوچەکانی سوغانیان (الصغانيان) لە ئەودیوڕووبار ژمارەیەکی زۆر لادێی لێ بووە، کە بە هەزاران سەربازیشی بە چەک و تفاقی خۆیانەوە تیا هەڵکەوتووە (المقدسي، ١٤٢٤هـ : ٢٨٣)، لەمەوە ئەومان بۆ دەردەکەوێ، کە بەشی سەرەکی ئەوانەی لەو ناوچانە بە ئەرکی سەربازی هەستاون، خەڵاکانی لادێکان بوون، کە بە گوزارشتی النرشخي بە لەشکری لادێکان (النرشخي، ١٣٦٣ش: ١١٦) ناویان براوە.

لێرەدا هەوڵ ئەدەین زۆر بە کورتی بەشداریی جووتیار لە ڕاپەڕینەکانی دژ بە دەوڵەتی عەبباسی بخەینە ڕوو.

[2]. لە وشەدا بە مانای کەسێک دێت، کە زۆر لە بزۆک و لەجووڵەدا بێت، (إبن منظور، ١٤١٤هـ : ج٤/٦٢٣) لە زاراوەشدا زیاتر گوزارشت بووە لە کۆمەڵە کەسێک کە لە دژی بێدادی و زۆری خاوەن دەسەڵاتەکان و هەندێک جاریش نادادییەکانی سیستمی چینایەتی، دەستیان داوەتە ڕووتاندنەوە و لێسەندنی هەقی ستەملێکراوان و تا ڕاددەیەکی سەرەتای دەرکەوتنیان لە کیشەو ململانێکانی نێوان أمین و مأمون بووە، بەڵام لە سەدەی (سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی) زیاتر تەشەنەیان سەندبوو (النجار، ١٩٨١م: ص١٤-١٥؛ احمدوند، ١٣٩٥ش: ص٧).

١-٣: بزووتنەوەکانی خەواریج:

خەواریج، بە زۆر دەستەو تاقمی جیاوازەوە، لە ناوچەکانی خۆرهەڵات، دژی خیلافەتی عەبباسی چالاکییان نواندووە و لە زۆر شار و لادێدا، هەم لایەنگر و هەمیش دژبەریان هەبووە و بە شێوەیەکی گشتی، زۆربەی لایەنگرانی خەواریج لە خەڵکانی لادێ و توێژی جووتیارەکان بوون و بە پێنەدانی باج و خەراج بە خەزێنەی دەوڵەت هاندراون، تاوەکو هەرچی زۆرتر پشتگیری بزووتنەوەکانی خەواریج بکەن (مفتخری، ١٣٧٩ش: ١٥٨).

ئەزرەقییەکان (الأزارقة)، کە شوێنکەوتووانی نافع بن الأزرق (م٦٥ک/٦٨٤ز) بوون، هەندێک جووتیاری ناوچەکانی ئەهواز وەڵامگۆی بانگەوازەکەیان بوون (الأصطخري، ٢٠٠٤م : ٦٥) ، کە دواتر ناوچەکانی فارس، بە تایبەتی لە ئەرەجان (أرجان) (الأصطخري، ٢٠٠٤م : ٩٣) ، و کرمانیشیان خستبوویە بندەستیانەوە (الشهرستاني،١٤١٥هـ: ج١/١٣٧) ، ئیدی پاش ماوەیەک و لە سەدەی (دووەمی کۆچی/هەشتەمی زایینی) ناوچەکانی سیستان، بە هۆی پشتگیری جووتیار و خاوەن زەوییەکانی هەرێمەکە، بووەتە یەکێک لە ناوەندە بەهێزەکانی خەواریج و لە نێو پەرتووکەکانی وولاتناسانیش ئاماژە بەبوونی جووتیارەکان لە ناوچەی خۆرهەڵات کراوە (الأصطخري، ٢٠٠٤م : ص٩٩ ؛ المقدسي،١٤٢٤هـ: ٢٨٣)، و ناوچەکانی سیستانیش لە سەدەی (سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی) بە هۆی مشتومڕی گروپ و تاقمە جیاوازەکان و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە بارودۆخێکی نائاساییدا بووە و خەڵکانێکی زۆری نارازی لە خیلافەتی عەبباسی و لە نێویشیاندا خەواریج ڕوویان لەو ناوچەیە کردووە (باسورث، ١٣٨١ش: ٣٣٣).

شوێنکەوتووانی حمزة بن آذرک الخارجي (م٢١٣ک/٨٢٨ز) (مؤلف ناشناخته، ١٣٦٦ش: ص١٨٠ ؛ الشهرستاني،١٤١٥هـ: ج١/١٥٠) یش، کە بە حەمزەییەکان ناسرابوون، نمونەیەکی دیکەی گروپەکانی خەواریج بوون، کە لە خوراسان، سیستان و ئەودیوڕووبار هەبوون. حمزة خۆی لە نێوماڵێکی جووتیاردا لە دایک بووبوو و باوکی سەرقاڵی کشتوکاڵ بووە (باسورث، ١٣٧٠ش: ص١٩٢ ؛ لنگرودی، ١٣٩٨ش: ص٨١)، لە ساڵی (١٧٩ک/٧٩٥ز) لە ناوچەی خوراسان دەرکەوتووە (الطبري، ١٣٨٧ه: ج٩/٣٨ ؛ ابن کثیر، ١٤٣٤هـ: ج١٠/٤٣٨) ، هەرچەندە لە سەرەتادا بە هۆی مۆرکی ئایینیی بزووتنەوەکەوە، هەم دژی خەڵکانی شار بوون و هەمیش لادێ، بەڵام دواتر بە هۆی تێڕوانینە سیاسیی و ئابوورییەکەیانەوە، لە نێو لادێ و جووتیارەکانیش پەیڕەوانی زۆریان لە دەور کۆبووەتەوە و پشتیوانییان لە ڕاپەڕینەکە کردووە (إبن الأثیر، ١٩٩٧م: ج٥/٣١٣) ، بە تایبەتیش ئەو کاتەی دژی کاربەدەستانی خەراجی ناوچەکانی خوراسان ڕاپەڕینیان کردووە (Składanek, 1979: 102) و نەیانهێشتووە بۆ ماوەیەک خەراجی ناوچەکە بۆ بغداد بگەڕێتەوە، هەربۆیە خەڵکانی لادێ و ئەو جووتیارانەی خاوەن زەوی خۆیان بوون، بڕبڕەی پێکهێنەری ئەم بزووتنەوەیە بوون. لەوانەیە جگە لە دروشم و دژایەتی حەمزەییەکان لەمەڕ باج و خەراج، پشێوی و نائارامی سیاسیی شار و لادێکانیش، بووبێتە هۆکاری کۆنەکردنەوەی خەراج و لەمەشدا جووتیارەکان ئەم پشێوییەیان بە هەل زانیبێت، بۆیە پشتگیری بزووتنەوەکانی دژ بە دەسەڵاتی عەبباسییان کردبێت و نەبوونی دام و دەزگای سەربازی لە شارۆچکە و لادێکانیش، دەرفەتی بۆ دانیشتوانەکانیان ڕەخساندووە پشتگیری بزووتنەوە دژبەرەکان بکەن (باسورث، ١٣٧٠ش: ١٩٢ و ١٩٣) ، بەڵام لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی حمزةدا، تەنانەت کێڵگەی جووتیارانی لادێکانیش زیانیان بەر کەوتبوو؛ جگە لە کاولکردنی مزگەوت (ابن فندق، ١٣٦١ش: ٤٩)، ماڵەکانی سوتاندبوون و دار و درەختی نێو باخەکانیشی بڕیبوو (البغدادي، ١٩٧٧: ٧٨).

٢-٣: ڕاپەڕینی سونباد (سنباذ) لە خوراسان (١٣٧ک/٧٥٥ز): مەجوسییەکی خەڵکی یەکێک لە لادێکانی نەیشابور بووە، بە ناوی أهروانە (الطبري، ١٣٨٧ه : ج٩/٣٨؛ إبن الأثیر، ١٩٩٧: ج٥/٦٦) و گوایە بۆ تۆڵەسەندنەوەی ابومسلم شۆڕشی کردووە (ابن الطقطقي،١٤١٨ه: ١٦٨)، ژمارەیەکی زۆر لە جووتیار و خەڵکانی چینی گشتی لە ناوچەکانی ڕەی (الري)، تەبەرستان (طبرستان)، چیاکان (الجبال) شوێن بانگەوازەکەی کەوتبوون (الطبري، ١٣٨٧ه : ج٧/٤٩٥ ؛ نظام‌الملک،١٣٦٤ش: ٢٦٠-٢٦١) و چەند ناوچەیەکی خوراسانیان کۆنترۆڵ کردبوو. ئەوەی لە ئاماژەدانی سەرچاوەکان سەبارەت بە کوژاندنەوەی ئاگری ئەم شۆڕشە جێگەی تێبینییە، بەشداری پێکردنی هەندێک جووتیاری ناوچەکانی ئەسفەهان (أصفهان) و قوم بووە (نظام‌الملک، ١٣٦٤ش: ٢٦١ ؛ العزیز، ١٩٦٦م: ١٤٣) ،جا لەوانەیە لە ژێر گوشاردا بووبێت یان بە خوواستی خۆیان.

٣-٣: ڕاپەڕینی ئوستادسیس (أستادسیس/ أسیاذسیز) (١٥٠ک/٧٦٧ز)، یەکێک بووە لە ڕاپەڕینە سیاسییەکانی سەردەمی عەبباسی یەکەم. وەک ڕاپەڕینەکانی دیکەش، لە هەناوی جیاوازی چینایەتی هاتووەتە ئاراوە (لنگرودی،١٣٩٨ش: ٢٢) و بە بڕوای هەندێک لە توێژەران پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە تۆڵەسەندنەوەی ابومسلمەوە نەبووە (زرین کوب، ١٣٤٤ش: ١٥٩). دانیشتوانی بادغیس، هرات، سیستان و خەڵکانی خوراسان لە ساڵی (١٥٠ک/٧٦٧ز) شوێنی کەوتوون (الطبري، ١٣٨٧ه : ج٨/٢٩ ؛ ابن کثیر، ١٤٣٤هـ: ج١٠/٣٤٦ ؛ إبن الأثیر، ١٩٩٧م: ج٥/١٦٢) و لە ئاماژەدان بە ژمارەی شوێنکەوتووانی ئەم ڕاپەڕینە زێدەڕۆیی کراوە. شوێنکەوتووانی توانیویانە بە خاکەناز و تەورەوە دەست بە سەر خوراساندا بگرن. خیلافەتی عەبباسی بۆ دامرکاندنەوە و گێڕانەوەی خوراسان بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەند، یەکێک لە سەرکردەکانی بە ناوی خازم بن خزیمة بۆ ناوچەکە ناردووە (الطبري، ١٣٨٧ه: ج٨/٢٩؛ مقدسي، ١٣٧٤ش: بخش دوم/٩٥٦) و پاش کوشتنی هەزاران کەس (العزیز، ١٩٦٦م: ص١٤٣)، جا تووانراوە لە ڕووی سیاسیی و سەربازییەوە لە ساڵی (کۆتایی بە پەیڕەوانی ئەم ڕاپەڕینە بهێنرێت. هەرچەندە بە پێی گێڕانەوەی ابن‌خلدون ئەم خاکەناز و تەورانەیان بۆ ئەوە بووە (١٤٠٨هـ: ج٣/٢٤٩) ، خەنەکی دەوری سووپاکەی لەشکری عەبباسی پێ پڕبکەنەوە (لنگرودی، ١٣٩٨ش: ٢٩). بەهەرحاڵ، یەکێک لە خاڵەکانی لێکچوونی ئەم ڕاپەڕینە لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی دیکەدا، بەدەمەوەچوونی خەڵکانی لادێ و جووتیارەکان بووە بۆ بانگەشەکاران و تەنانەت لە ڕووی سەرباز و داهات و خواردنی سوپاشەوە هاوکارییان کردوون (دانیل، ١٩٦٠م : ١٤٤).

٤-٣: یوسف البرم: یوسف بن أبراهیم، کە بە یوسف البرم ناسراوبووە (الطبري، ١٣٨٧ه : ج٨/ص١٢٤) ، لە کۆتایی ساڵەکانی (١٥٩ک/٧٧٥ز)، لە ناوچەکانی سەر بە خوراسان سەری هەڵداوە (گردیزی، ١٣٦٣ش: ٢٨٠) ، ناوچەکانی پوشەنگ، مەروروذ، تاڵەقان (طالقان) و جوزجانانی گرتووەتەوە (لنگرودی، ١٣٩٨ش: ٣٦). بەڵام لە باسەکانی أبن تغری بردیدا ئەو ناوچانەی کە شوێنکەوتەی بوون، لە چاو سەرچاوەکانی دیکە زیاترن (أبن تغری بردی، ١٣٩٢هـ: ج٢/ص٢٧). خەڵکانی زۆر لە ناوچەکانی خوراسان شوێنی کەوتوون (الطبري،١٣٨٧هـ: ج٨/١٢٤) ، الیعقوبي بە شوێنکەوتەی خەواریج دایناون (د.س: ج٢/٣٩٧) ، بەڵام قادرۆڤا بە پێچەوانەی ئەم ڕایەی الیعقوبي، پێی وابووە باوەڕەکانی خەواریجییان وەلا

ناوەو تەبەنی باوەڕەکانی خوڕەمییەیان کردووە (Кадырова ، 1965: 52 ) ، أبن‌تغري بردي بە هەڵە لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی (١٥٥ک/٧٧١ز) باسی لێوە کردوون (أبن تغری البردی، ١٣٩٢هـ: ج٢/ص٢٧)، بە باوەڕی حسین قاسم العزیز، یەکێک لە فاکتەرەکانی بەشداری جووتیاران، بانگەشەی دادگەریی و یەکسانیی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بووە (العزیز، ١٩٦٦: ١٤٥).

٥-٣: المقنع الخوراساني(١٦٠-١٦٧ک): لە پاش کوشتنی سەندباد(١٣٧ک/٧٥٥ز)، ژیلەمۆی باوەڕ و ڕقی تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی ابوموسلم (الطبري، ١٣٨٧هـ : ج٨/٣٧١)، تا چەند ساڵێک دواتریش مابوویەوە، لەوانەشە دروشمی تۆڵەسەندنەوە، بیانووی دەستی بزووتنەوەو گروپە بەرهەڵستاکارییەکان بوووبێت، بۆیە لە پاش کەمتر لە سێ دەیە، جارێکی دیکە لە ناوچەکانی خوراسان و ئەودیوڕووبار ئاگری ئەم ڕاپەڕینە سەریهەڵدابوویەوە. زۆربەی هەرە زۆری بەرهەڵستکاریەکانی دژ بە دەسەلاتی عەباسی لە سەرەتای هاتنە سەر کاریان، زیاتر کەسانێک بوون، کە موسڵمان نەبوون و سەر بە ئایین و ئایینزاکانی دیکە بوون، بەڵام لە سەدەی (سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی) ئیدی پەیڕەوانی ئایینی ئیسلامیش چوونەتە نێو کایەی بەرهەڵستکاری عەبباسییەکانەوە (نعمانی، ١٣٥٨ش : ج١/٣٩٤). ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارەکانی ناوچەی تورکستان لە شۆڕشەکانی المقنع (سپید جامگان) بەشدارییان کردووە (النرشخی،١٣٦٣ش : ص٩١- ٩٢ ؛ بارتولد، ١٣٦٦ش: ج٢/٤٣٧-٤٣٩ ؛ صدیقی، ١٣٧٥ش: ص٢٢٩ ؛ العزیز، ١٩٦٦م: ص١٤٧) و المقدسیش ئاماژەی بەوە کردووە، کە لایەنگرانی ئەم شۆڕشە لە گوند و لادێکانی ئەودیوڕووبار زۆر بوون (المقدسي،١٤٢٤هـ: ٢٨٣) و جووتیارانی جورجانیش (جرجان) ژمارەیەکی ئێجگار زۆری ڕاپەڕیوانیان پێکهێنابوو (العزیز، ١٩٦٦: ١٤٨)، تەنانەت لە پاش ڕاوەدوونانی والی خوراسان بۆ دەستبەسەرکردنی المقنع، لە ڕێگەی پشتگیری جووتیارانەوە پارە و سامانی زیاتری کۆکردووەتەوە ولایەنگری خۆی زیاد کردووە (النرشخی، ١٣٦٣ش : ١٩٣). یاکۆبۆفسکی لە ووتارەکەیدا باسی لەوە کردووە، کە بەشی هەرە زۆری شوێنکەوتووانی المقنع خەڵکانی دانیشتووی لادێکان بوون و بە بڕوای ئەو، یەکێک لە فاکتەرەکانی پشتیوانی خەڵکی بۆ مەسەلەی خەراج گەڕاوەتەوە، کە لە سەر جووتیارەکان زیاد کرابوو (ЯКУБОВСКИЙ ، 1948 : 48-47) ، دەنا پێناچێت ئەوان لە چەمک و تێڕوانینەکانی ئەم بانگەوازە بە تەواوی تێگەشتبن (الداغر، ٢٠١٥ : ٦٥).

پاش ماوەیەکی کەم، باڵادەستی المقنع بەو شێوەیە نەماوەتەوە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی سوغد (سغد)، بوخارا (بخارا/بخاری) و نەرشەخ (نرشخ)، چونکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عەبباسیان نەبووە و پەنایان بۆ تورکەکان بردووە، لەبەرامبەردا ئەوانیش چاویان لە دەستکەوتی جەنگی بووە، بۆیە المقنع هێرشکردنە سەر کاروانی موسڵمانان و تەنانەت سەروگیانیشیانی بە ڕەوا بینیوە (گردیزی، ١٣٦٣ش: ص٢٨٠ ؛ صدیقی، ١٣٧٥ش: ص٣١٩) ، ئەمەش بووەتە هۆی ئازاردانی خەڵکانی شار و لادێ، کە لە ڕاستیدا زۆربەیان جووتیار بوون (ЯКУБОВСКИЙ ، 1948 : 48-50) و لادێکان بە هۆی زۆری ژمارەیان و پانتایی فراوانی کشتوکاڵییان سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بوون (یوسفی‌فر، ١٣٩٠ش: ص١٥٠). یەکێک لە ناوەندەکانی ئەم شۆڕشەش، قەڵایەک بووە بە ناوی سام، کە کشتوکاڵی تێدا کراوە (دانیل، ١٩٦٠: ١٥١) و بە هۆی دابین کردنی خۆراکی پێویست لە ناو قەڵاکەدا، المقنع توانیویەتی ماڵ و سامانی زۆر کۆبکاتەوە (النرشخی ،١٣٦٣ش : ٩٣) و بۆ ماوەیەک لە دەست کاربەدەستانی عەبباسی خۆی ڕزگار بکات و پەرە بە بانگەوازەکەی بدات.

جووتیارانی ناوچەکە دواتر دژایەتی شۆرشەکەیان کردووە، چونکە المقنع هەم لە ڕووی سیاسەتی ئایینەییەوە دژی ئەوان بووە وهەمیش خەڵکانی زۆری لێکوشتوون (النرشخی ،١٣٦٣ش: ص٩٠-٩٣ ؛ البغدادي، ١٩٧٧م: ص٢٤٣). لە ئەنجامدا جووتیارەکانی ناوچەی نەرشەخ، هاوکاری سوپاسی عەبباسییان کردووە، تاوەکو هێرشێکی المقنع تێکبشکێنن (دانیل، ١٩٦٠: ١٥٣) ، ئەمەش نیشانەی ئەوە بووە، لایەنی ئایینی و ئابووری کاریگەرییان لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی جووتیارەکان هەبووە؛ هەم بۆ بەشداریکردن و هەمیش لە دژایەتی کردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا. سەرکردەی ئەم ڕاپەڕینە لە ساڵی (١٦٧ک/٧٨٣ز) کوژراوە، بەڵام لە سەدەی (چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی) لە دێ و گوندەکانی ناوچەی ئیلاقی سەمەرقەند (إيلاق سمرقند) زۆر لایەنگری ئەم ڕێبازە هەبوون (مؤلف مجهول، ١٩٨٨: ١٣٢)، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی باوەڕەکانی هەتاوەکو سەردەمانی زۆر دواتریش لە نێو لادێکانی ئەودیوڕووبار مابوونەوە.

٦-٣: خوڕەمییەکان: لەوانەیە هیچ شۆڕش و ڕاپەڕینێکی جووتیاری لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی، هێندەی شۆڕشی خوڕەمییەکان لە ڕووی هێزەوە کاریگەری نەبووبێت و لە ڕووی کاتیشەوە هێندەی نەخایاندبێت. بە چەندین ناوی جیاواز ئاماژەیان پێکراوە، وەک: سوورپۆشەکان (محمرة)، جاویدانییەکان، بابەکییەکان و مازیارییەکان(مقدم، ١٣٥٦ش: ص١؛ لنگرودی، ١٣٩٨ش: ١٧٣)، سەرکردەی ئەم شۆڕشە، بابەکی خوڕەمدین، دانیشتووی لادێی دەرگەزێنی ئەسفەهان بووە، پەیڕەوی باوەڕی مەزدەکی بووە و سەرقاڵی کشتوکاڵ بووە (البنداري، ١٣١٨هـ: ١١٤). جووتیارەکان لەم شۆڕشەشدا زۆرینەیان پێکهێناوە (لنگرودی، ١٣٩٨ش: ١٧٦) و هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی بابەکیەکانەوە لە ساڵانی (١٦٢ک/٧٨٠ز) بە دوواوە و لە سەردەمی هەردوو خەلیفەی عەبباسی خەلیفە المهدی (١٥٨-١٦٩ک/775-785ز) و هارون‌الرشیدا(١٧٠-١٩٣ک/٧٨٦-٨٠٩ز)، دواتر خەڵکانی زۆر لە لادێکانی ڕەی، تەبەڕستان، هەمەدان و ناوچەکانی دەوروبەری، بەشدارییان لەو ڕاپەڕینەدا کردووە خەڵکانێکی زۆری لادێکانی ترەمدین(ترمدین)، کاپلە و فابەک (فابک) سەر بە ناوچەی ئەسفەهان بە هاوەڵی خەڵکانێکی زۆر لە هەمەدان و دەوروبەری، ڕەی، دەشتی بیە و کەرە تەبەڕستان لە سەردەمی هارون‌الرشید ڕاپەڕیوون، کە بە ووتەی نظام‌الملک ژمارەیان لە سەدهەزار کەس زیاتر بووە، ئەمە لاکاتیکدا بووە(١٣٦٤ش: ص٢٩٠-٢٩١)، کە هارون‌الرشید لە خوراسان بووە و ئەم خەڵکە زۆرەش دوای ئەم شۆڕشە کەوتوون. لە سەردەمی خلیفە المعتصم‌بالله (٢١٨-٢٢٧ک/٧٣٣-٨٤١ز)یش، خەڵکانی زۆر لە ناوچەکانی "چیا، هەمەدان، ئەسفەهان، ماسەبذان، میهرەجانقەذەق" (الطبري، ١٣٨٧ھ : ج٨/ ٦٧٧ و ٦٧٨)، تەبەرستان و ڕەی (نفیسی، ١٣٨٤ش: ص٢٠) ، شوێن بانگەوازی بانگەشەکارانی خوڕەمیی کەوتبوون، هەروەها لە سەردەمی الواثق‌بالله (٢٢٧-٢٣٢ک/٨٣٧-٨٤٦ز)یش، لایەنگرانی خوڕەمی لە لادێکانی ئەسفەهان زۆر زیادیان کردووە (لنگرودی، ١٣٩٨ش: ص١٨١ ؛ الیعقوبي، ١٨٩٢م، ٨٨) ، هەربۆیە لە خۆرهەڵات هیچ ڕاپەڕین و شۆڕشێک هێندەی خوڕەمییەکان کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووری دەوڵەت و پەرەسەندنی لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا نەبووە.

پشتگیری جووتیارەکانیش بۆ ڕاپەڕینەکە، چەندین هۆکاری هەبووە، یەکێک لەوانە چەوساندنەوە وکارپێکردنی زۆرەملێ و باجی زیادەی سەرشانییان بووە (العزیز،

١٩٦٦: ٩٣) ، لەوەڕا، جووتیارەکانیش لە دەرفەت گەڕاون، تاوەکو دژی ستەم و بێدادی بەشێک لە والی و کاربەدەستانی عەبباسی ڕاپەڕن، کەچی سەروەختاییەک هەر ئەوانە لە خوراسان و ئەودیوڕووبار، کۆڵەکەی شۆڕشی عەبباسی بوون (العزیز، ١٩٦٦: ٧١) ، هەربۆیە خەلیفەی عەبباسی بە هەمان ڕێگەی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە، کە پەیوەست بووە بە مەسەلەی زەوی و زار و باج و خەراجەوە، شۆڕشەکەی لە ناو بردووە؛ پێدانی زەوی بەو خاوەن زەویانەی لەگەڵ بابەکدا هاوپەیمان بوون، بەوەش لە دەور بابەک تەکیبوونەوە (گرانتوسکی و دیگران، ١٣٥٢ش: ١٩٢) و ئەو جووتیار و سەپانانەش کاریان بۆ خاوەن زەیەکانیان کردووە، وەدووی خواست و نیازی خاوەن زەوییەکانیان کەوتبوون و لە شۆڕشەکەی بابەک دوورکەوتبوونەوە. بە بڕوای هەندێک لە توێژەران، ژمارەیەک خاوەنۆچکەی زەویش، شان بە شانی جووتیارەکان، لە دژی دەسەڵاتی عەبباسییەکان، بەشدارییان لە شۆڕشەکەی بابەکدا کردووە و زۆربەیان لە نێو لادێ و چیا سەختەکاندا ژیاون (نعمانی، ١٣٥٨ش: ج٣٩٦/١)، لەوانەیە هۆکاری بەشداری خاوەن زەوییەکان دوو شت بوو بێت؛ یەکەم: دروشمی لێسەندنەوەی زەوییەکان و دابەشکردنەوەیان بە سەر جووتیاراندا، تاوەکو لە ئەگەری سەرکەوتنیدا، هیچ نەبێ هیوایەک بۆ مانەوەی موڵکەکانیان هەبێت، دووەم: بە بڕوای برنارد لویس (١٩٥٤: ١٤٤) هەندێک لە خاوەن زەوییەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی لە دەست چوویان بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کردووە ، بەڵام حسێن قاسم العزیز پێی وابووە، خاوەن زەوییەکان زوڵمیان لە جووتیارەکان کردووە، لە ترسی تۆڵە سەندنەوە ئەو هەڵوێستەیان لە مەڕ شۆڕشەکە هەبووە (العزیز، ١٩٦٦: ١٦٤) . لەوانەشە هەر بەهۆی ناوچە شاخاوییەکانەوە بوو بێت، کە تەنانەت پاش کوژرانی بابەک لە ساڵی (٢٢٣ک/٨٣٧ز) هەتاوەکو سەردەمی السمعانی (562ک/١١٦٦ز) هێشتا لە ناوچە کوێستانییەکان مابوون (السمعانی، ١٣٦٢هـ: ج٣٠٤/٢).

ئەم شۆڕشە تا سەردەمانی زۆر دوای کوژرانی بابەک لە ساڵی (٢٢٣ک/٨٣٧ز) هێشتا هەر ماوە ، لە پاش ئەویش، شۆڕشی مازیار بن قارن لە تەبەرستان (٢٢٤ک/٨٣٨ز) سەریهەڵداوە، کە درێژەپێدەری شۆڕشەکەی بابەک بووە و چەندان جووتیار بەشدارییان تێدا کردووە لە هەمان ساڵدا (٢٢٤ک/٨٣٨ز) بە فەرمانی مازیار، موڵک و سامانی خاوەن زەوییەکانیان زەوت کردووە (الطبري، ١٣٨٧ه : ج٩/ ص٨٠). شۆڕشەکەی بابەک بە شۆڕشی جووتیارەکان ناسراو بووە، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، کە لایەنی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری چینی گشتی و لە نێویشیاندا جووتیارەکان بەستێنێکی لەبار بووە بۆ بانگەشەی سیاسی و ئایینی.

## چوارەم: ئەنجامەکان:

١. توێژینەوە لە بارەی جووتیار لە هەموو کایە جیاوازەکاندا، یەکێکە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و دەرخستنی کاریگەریی ئەم چینە لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە نابێ توێژینەوە مێژووییەکان پشتگوێی بخەن.

٢. کەمی ئاماژەدانی سەرچاوەکان بە جووتیار بە شێوەیەکی گشتی، بووەتە هۆکاری ئەوەی بەشداری سیاسی و شوناسی ئایینی و لایەنەکانی دیکەی ژیانیشیان تا ڕاددەیەکی زۆر ون بێت.

٣. پێویستە تەنیا بە سەرچاوە مێژووییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی شوناس و ژیانی جووتیار بەسەندە نەکەین، بەڵکو لەمیانەی ئاماژە پەرتەکان و لە نێو سەرچاوە جۆربەجۆرەکاندا، هەوڵی دۆزینەوەی پارچە بچووکەکانی لایەنی هزری و سیاسی جووتیار بدەین، بە ئامانجی ئەوەی هەتا ئەو ڕادەیەی بۆمان دەلوێ، وێنایەکی نزیک لە حەقیقەتی جووتیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بکەین.

٤. ناسینی کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست بە بێ گرنگیدان و پیشاندانی ڕۆڵی جووتیار دروست نابێت و ئەگەر لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زیاتر ئەنجام نەدرێت، کەم و کورتییەکانی توێژینەوەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی پڕنابنەوە.

٥. جووتیار لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دوو دیوەوە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە، لە لایەکەوە هەم وەک تاک لە نێو حەشاماتی لایەنگرانی ڕەوتە سیاسییەکان بوون و لە لایەکی دیکەشەوە وەک پیشە و ژێرخانی ئابووری، ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرهەمهێنانی ئابووریدا گێڕاوە.

٦. خەیاڵدانی جووتیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەستێنێکی لەبار بووە بۆ چەکەرەکردنی تۆوی جیاوازیەکان بە هەموو تایپەکانیەوە، بە جۆرێک هەم لە ڕووی چینایەتی و ئایینییەوە بەکار هێنراون و هەمیش لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە.

٧. لایەنی سیاسی لە ژیانی جووتیار بە هۆی ململانێ سەربازییەکانەوە لە چاو لایەنی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری زیاتری بە خۆیەوە بینیوە.

## سەرچاوەکان


إبن الأثیر، عزالدین علي بن محمد(١٩٩٧م)، الكامل في التاریخ، بیروت: دار الكتاب العربي.

ابن الفقیه الهمداني(١٤١٦هـ)، كتاب البلدان، تحقیق: یوسف الهادي، بیروت: عالم الكتب.

أبن تغری بردي، یوسف بن تغري(١٣٩٢هـــ)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، تحقیق: فهیم محمد شلتوت و آخرون، القاهرة: وزارة الثقافة و الأرشاد القومي.

إبن حوقل،أبوالقاسم محمد(١٩٩٢م)، صورة الأرض، بیروت: دار مكتبة الحیاة.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد(١٤٠٨هـــ)، العبر في خبر من غبر، بأهتام: خلیل شحادة و سهیل زكار، بیروت: دار الفكر.

إبن طقطقي، محمد بن علي(١٤١٨هـــ)، الفخري في الآدب السلطانیة و الدول الإسلامیة، تحقیق: عبدالقادر محمد مایو، بیروت: دار القلم العربي.

ابن فندق،علي بن زید(١٣٦١ش)، تاریخ بیهق، تصحیح: أحمد بهمنیار، تهران: فروغی.

ابن كثیر،إسماعیل بن عمر(١٤٣٤هـــ)، البدایة و النهایة، تحقیق: محي‌الدین دیب مستو و آخرون، بیروت: دار إبن كثیر.

إبن وحشیة(١٩٩٣م)، الفلاحة النبطیة، تحقیق: توفیق فهد، قبرص: لیماسول.

أبولحاج، زید صالح عبدالله(١٩٩٨م)، الفلاحة في الفكر العربي الإسلامي في المشرق العربي بین القرن (الثالث و القرن العاشر الهجري/التاسع و خمسة عشر المیلادي)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، كلیة الدارسات العلیا، جامعة الأردنیة.

أبویعقوب المروزي، إسحاق بن منصـور(١٤٢٥هــــ)، مسـائل الإمام أحمد بن حنبل وإسحاق بن راهویه، المدینة المنورة: الجامعة الإسلامیة.

أبویوسف،یعقوب بن ابراهیم(١٩٩٩م)، الخراج، تحقیق: طه عبد الرءوف سعد و سعد حسن محمد، القاهرة: المكتبة الأزهریة للتراث.

احسن، محمد مناظر(١٣٨٣ش)، زندگی اجتماعی در حكومت عباسیان، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

أحمدوند، عباس (١٣٩٥ش)، "نخســـتين نقش‌آفريني عياران در بغداد قرن دوم هجری"، تاريخ اسلام و ايران، دانشگاه الزهراء، سال بيست و ششم، شماره ٣١، پياپى ١٢١.

الإسفرايني،أبو عوانة يعقوب بن إسحاق(١٤٣٥هــــ)، المسـند الصحيح المخرج على صحيح مسـلم، تحقيق: رســائل جامعية وبحوث أكاديمية بكلية الحديث الشريــيف بالجامعة الإســـلامية، المدينة المنورة.

اسكاچپل، تيدا(١٣٨٩ش)، دولتها و انقلابهای اجتماعی، ترجمه:سيد مجيد روئين‌تن، تهران: سروش.

اسكوراسيكه: فسطيوس(١٣٨٨ش)، ورزنامه، تصحيح: حسن عاتفى، تهران: مركز نشر دانشگاهى.

الأصطخري، إبراهيم بن محمد(٢٠٠٤م)، المسالك و الممالك، تحقيق: محمد جابر عبدالعال الحيني، القاهرة: الهيئة العامة لقصر الثقافة.

البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر(١٩٧٧م)، الفرق بين الفرق و بيان فرقة الناجية، بيروت: دار الآفاق الجديدة.

البلاذري، (١٤١٧هـ)، أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض الزركلي، بيروت: دار الفكر.

البلاذري،أحمد بن يحيى(١٩٨٨م)، فتوح البلدان، بيروت: دار و مكتبة الهلال.

البنداري،الفتح بن علي(١٣١٨هـ)، زبدة النصرة و نخبة العصرة، القاهرة: شركة طبع الكتب العربية.

البيروني، محمد بن أحمد(١٣٧٤ش)، الجماهر في الجواهر، تحقيق: يوسف الهادي، تهران: مركز پژوهشى ميراث مكتوب.

التوحيدي، أبوحيان (١٤٢٤هـ)، الإمتاع و المؤانسة، تحقيق: هيثم خليفة الطعيمي، بيروت: المكتبة العصرية.

الداغر، نزار عبدالمحسن(٢٠٠٩م)، ملامح من الحياة الاجتماعية في ماوراءالنهر حتى عهد الدولة السامانية، مجلة مركز دراسات الكوفة، مركز دراسات الكوفة، الكوفة، مجـ١/ع١٣. https://doi.org/10.36322/jksc.v1i13.4886

الداغر، نزار عبدالمحسن(٢٠١٥م)، احوال العامة من الطبقتين الفقيرة و المتوسطة في بلاد ماوراءالنهر (٥٦-٣٨٩هـ/٦٧٥-٩٩٨م) ، مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ذي قار، ذي قار، مجـ ٥/ع٣.

دو لا بويسى، إتيان(٢٠١٦م)، العبودية المختارة، ترجمة: صالح الأشتر، بيروت: دار الساقي.

الرسولي، العباس بن علي بن داود(٢٠١٦م)، بغية الفلاحين في الاشجار المثمرة و الرياحين، تحقيق: خالد بن خلفان الوهيبي، دمشق: دار الفرقد.

السمعاني، عبدالكريم بن محمد(١٣٦٢هـ)، الانساب، تصحيح: عبدالرحمن بن يحيى المعلمي اليماني، حيدرآباد الدكن: مجلس دائرة المعارف العثمانية.

السيدعلي، احمد صبري(٢٠٠٦م)، المهمشون في التاريخ الإسلامي، مجـــلة ادب و نقد، منتدى الكلمة للدراسات و الأبحاث، العدد ٢٤٩، بيروت، ص ص ٣١-٤٠.

الشهابي، مصطفى(١٣٨٠هـ)، كتب الفلاحة العربية و ألفاظها المولدة، مجلة المجمع العلمي العربي، مجـ٣٥، الجزء ٤، دمشق، ص ص٥٢٩-٥٤٠.

الشهرستاني،محمد بن عبدالكريم(١٤١٥هـ)، الملل و النحل، تحقيق: أمير علي مهنا و علي حسن فاعور، بيروت: دار المعرفة.

صديق، أسامة محمد فهمي(٢٠٠٦م)، طوائف العامة في نيسابور في القرن الثالث الهجري، مجلة العلمية لكلية الآداب، جامعة أسيوط، ص ص٧٠-١٤٦.

الطبري، محمد بن جرير(١٣٨٧هــ)، تاريخ الرسل و الملوك، تحقيق: محمد أبوالفضل إبراهيم، القاهرة: دار المعارف، ١٣٨٧هـ.

عبدالباقي، احمد(١٩٩١م)، معالم الحضارة العربية في القرن الثالث الهجري، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

العبيدي، صلاح(١٩٧٩م) الفلاح: نماذج من صوره على الآثار العربية الإسلامية، مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد، العدد ٢٤، ص ص٣٦٧-٣٩٤.

العزيز، حسين قاسم(١٩٦٦م)، البابكية، بغداد-بيروت: مكتبة النهضة-دار الفارابي.

عطوان، حسين(د.س)، الدعوة العباسية، بيروت: دار الجيل.

الفراهيدي، خليل بن أحمد( 2007هـ)، كتاب العين، تحقيق: مهدي المخزومي و إبراهيم السامرائي، بيروت: مكتبة الهلال.

فلهوزن، يوليوس(١٩٦٨م)، تاريخ الدولة العربية، ترجمة: محمد عبدالهادي أبوريدة، القاهرة: لجنة التأليف و النشر.

قمي، حسن بن محمد(١٣٨٥ش)، تاريخ قم، ترجمه: حسن بن بهاءالدين علي بن حسن بن عبدالملك قمى، تحقيق: محمدرضا انصارى قمى، قم: انتشارات مرعشي نجفي.

لويس، برنارد(١٩٥٤م)، العرب في التاريخ، ترجمة: نبية أمين فارس و محمود يوسف زايد، بيروت: دار العلم للملايين.

المقدسي،محمد بن احمد(١٤٢٤هـ)، أحسن التقاسيم في المعرفة الأقاليم، تعليق: محمد أمين الضناوي، بيروت: دار الكتب العلمية.

النجار، محمد رجب(١٩٨١م)، الشطار و العيارون في التراث العربي، الكويت: عالم المعرفة.

إبن منظور، محمد بن مكرم(١٤١٤هـ)، لسان العرب، تحشية: اليازيجي و جماعة من اللغويين، بيروت: دار صادر.

ايگرس، گئورگ(١٣٨٩ش)، تاريخ نگارى در سده بيستم: از عينيت علمى تا چالش پسا مدرن، ترجمه: عبدالحسين آذرنگ، تهران: سمت.

بارتولد، واسيلى ولاديميروويچ(١٣٦٦ش)، تركستان نامه، ترجمه:كريم كشاورز، تهران: آگاه.

باسورث، كليفورد ادموند(١٣٨١ش) ، سلسله‌هاى اسلامى جديد، ترجمه: فريدون بدره‌اى، تهران: مركز بازشناسى اسلام و ايران.

باسورث،كليفورد ادموند(١٣٧٠ش)، تاريخ سيستان، ترجمه: حسن انوشه، تهران: اميركبير.

برتلس، آ.ى(١٣٤٠ش)، ناصر خسرو و اسماعيليان، ترجمه: ى. آرين‌پور، تهران: بنياد فرهنگ ايران.

بيرجندى، عبدالعلى(١٣٨٧ش)، معرفت فلاحت، تصحيح: ايرج افشار، تهران: مركز پژوهشى ميراث مكتوب.

بيهقى،محمد بن حسين(د.س)، تاريخ بيهقى، تهران: دنياى كتاب.

تاجيك، محمدرضا(١٣٨٣ش)، جهانى شدن و هويت، تهران: مؤسسه تحقيقات و توسعه علوم انسانى دانشگاه.

چگنى،على(١٤٠١ش)، 'درآمدى بر باورها و اعتقادات مذهبى مردم نهاوند در دوران خلافت عباسى (١٣٢-٦٥٦هـ)'، فصلنامه علمى پژوهشى تاريخ، دانشگاه آزاد اسلامى، أراک، شماره ٦٧، ص ص١٨٧-٢٠٦.

دانيل، التون(١٣٨٩ش)، تاريخ سياسى و اجتماعى خراسان، ترجمه: مسعود رجب‌نيا، تهران: انتشارات علمى و فرهنگى.

زرين كوب، عبدالحسين(١٣٤٤ش)، دو قرن سكوت، تهران: انتشارات احمد علمى.

سمرقندى، محمد بن على ظهيرى(١٣٨١ش)، سندباد نامه، تصـ: محمد باقر كمال‌الدينى، تهران:مركز پژوهشى ميارث مكتوب.

صديقى، حسينعلى(١٣٧٥ش)، جنبش هاى دينى ايرانى، تهران: پاژنگ.

فراى، ريچارد و ديگران(١٣٩٠ش)، تاريخ ايران از فروپاشى دولت ساسانى تا آمدن سلجوقيان، ترجمه: حسن انوشه، تهران: امير كبير.

گرانتوسكى و ديگران(١٣٥٢ش)، تاريخ ايران از زمان باستان تا امروز، ترجمه: كيخسرو كشاورزى، تهران: پويش.

گرديزى، عبدالحي بن ضحاک(١٣٦٣ش)، تاريخ گرديزى، تصحيح: عبدالحي حبيبى، تهران: دنياى كتاب.

لطف‌آبادى،محسن(١٣٨٦ش)، بازخوانى نظرى مفهوم هويت، به كوشش: زهرا حياتى و سيد محسن حسينى مؤخر، از هويت ايرانى، تهران: پژوهشگاه فرهنگ و هنر اسلامى.

لنگرودى، رضا رضازاده(١٣٩٨ش)، جنبش‌هاى اجتماعى در ايران پس از اسلام، تهران: فرهنگ نشر نو.

مرعشى، ظهيرالدين بن نصيرالدين(١٣٦١ش)، تاريخ طبرستان و رويان و مازندران، مقدمه: محمد جواد مشكور، به كوشش: محمدحسين تسبيحى، تهران: مؤسسه مطبوعاتى شرق.

مفتخرى، حسين(١٣٧٩ش)، خوارج در ايران، تهران: انتشارات باز.

مقدسي، مطهر بن طاهر(١٣٧٤ش)، آفرينش و تاريخ، ترجمه:محمدرضا شفيعى كدكنى، تهران: آگه.

مقدم، شهين‌دخت كامران (١٣٥٦ش)، خرمدينان، مجله بررسيهاى تاريخى، شماره ٦، سال ١١، ص‌ص١-٦٠.

ملكيان،مصطفى(١٣٨٦ش)، هويت پويا و هويت ايستا، به كوشش: زهرا حياتى و سيد محسن حسينى مؤخر، از هويت ايرانى، تهران: پژوهشگاه فرهنگ و هنر اسلامى.

منشي، محمد بن هندو شمس(١٣٥٥ش)، صحاح الفرس، تصـ: عبدالعلي طاعتي، تهران: علمى و فرهنگى.

مؤلف مجهول (١٩٨٨م)، حدود العالم، بيروت: دار و مكتبة الهلال.

مؤلف ناشناخته( ١٣٦٦ش)، تاريخ سيستان، تحقيق: محمدتقى بهار، تهران: پديده خاور.

النرشخي، محمد بن جعفر(١٣٦٣ش)، تاريخ بخارا، تر:أبونصر احمد بن محمد القباوي، تصحيح: محمدتقى مدرس رضوى، تهران: توس.

نظام‌الملک، حسن بن علي (١٣٦٤ش)، سياست نامه، به اهتمام: هيوبرت دارک، تهران: انتشارات علمى و فرهنگى.

نعمانى، فرهاد (١٣٥٨ش)، تكامل فئوداليسم در ايران، تهران: شركت سهامى انتشارات خوارزمى.

نفيسى، سعيد(١٣٨٤ش)، بابک خرم‌دين، تهران: اساطير.

نيشـــابورى، يعقوب كردى(١٩٧٢م)، كتاب البلغه، تصـــــــ: مجتبى مينوى و فيروز حريرچى، تهران:بنياد فرهنگ ايران.

هروى، عبدالرحمن بن عبدالجبار(١٣٥٦ش)، إرشـــاد الزراعة، باهتمام: محمد مشـــيرى، تهران: اميركبير.

هوبسبام، اريک(١٣٩٨ش)، درباره‌ى تاريخ، ترجمه: حسن مرتضوى، تهران: نشر لاهيتا.

اليعقوبي،أحمد بن إسماعيل(د.س)،تاريخ اليعقوبي، بيروت: دارصادر.

يوسفى‌فر، شهرام(١٣٩٠ش)، شهر و روستا در سده‌هاى ميانه تاريخ ايران، تهران: پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى.

Batou, Jean ( 2022) , Structure and Dynamics of Islamic Social Formations (Seventh–Fourteenth Century): A Case of Uneven and Combined Development", *Historical Materialism*, No. 30, danLeiden: Brill.

Bethany, Walker (2022), Peasant Dependencies in Medieval Islam: Whose Agency in Food Production and Migration? Bonn Center for Dependency and Slavery Studies, vol.03, Bonn, https://doi.org/10.48565/bonndoc-63

Bulliet, Richard W. (2009), Cotton, Climate and Camels in Early Islamic Iran, New York: Columbia University Press.

George, Mead (1967), Mind, Self, and Society, Ed.by Charles W. Morris, London: University of Chicago press.

Hanaoka, Mimi (2016), Authority and Identify in Medieval Islamic Historiography: Persian histories from the peripheries, New York: Cambridge University press.

Lambton, Ann K.S. (1991), FILAHA, the Encyclopaedia Of Islam, B.Lewis and Others, Vol.2, Leiden: Brill.

*Mustafi, Rexhail* (2022), Challenges in Naming the Discipline: Are there any other Alternatives to "Islamic Economics"? International Journal of Islamic Economics and Finance Studies, 8(1), 41-56. https://doi.org/10.54427/ijisef.1016100

Składanek, Bogdan (1979), Chronology of the Kharijites Insurrection of Hamziyya in Sistan (8th-9th centuries). Its Outbreak and Fall , Rocznik Orientalistyczny Rocznik Orientalistyczny, T. 41, Z. http://hdl.handle.net/11089/16875

Кадырова, Тулкиной Ф. (1965), Из истории крестьянских восстаний в Мавераннахре и Хорасане в VIII-начале IX в. ТОШКЕНТ : Изд-во Наука Узбекской ССР.

ЯКУБОВСКИЙ, Александр Ю.(1948), ВОССТАНИЕ МУКАННЫ-ДВИЖЕНИЕ ЛЮДЕЙ В „БЕЛЫХ ОДЕЖДАХ", ИЗДАТЕЛЬСТВО АКАДЕМИИ НАУК СССР, МОСКВА: ЛЕНИНГРАД.